# کاستۆری
# باخەوان



# کاستۆری باخەوان

نووسەر: لارس کلینتینگ

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: نەرمین عوسمان

بابەت: چیرۆکی منداڵان

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

نۆبەتی چاپ: ٢٠٢٢

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (٣٣)

لارس کلینتینگ

# کاستۆری باخەوان



وەرگێڕانی لە سویدییەوە: نەرمین عوسمان

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینســتتیوتێکی کوردســتانیی، قازانجنەویســتە. کاری ســەرەکی؛ ئەنجامدانــی توێژینــەوە و بەدواداچوونــی پرســە هەنووکەیــی و نیشتمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان، و سازکردنی کۆڕ، سمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.



گوڵەکەی کاستۆر لە  پەنجەرەکەیدا وشک بووبوو.
کاستۆر وا بیریکردەوە زۆر ناشرین بووە...
- دەبێ گوڵێکی تازە بهێنم.





کاستۆر بیریدەکردەوە چ جۆرە گوڵێک بهێنێت.
گوڵێکی شین، یاخود سپی، سووریش زۆر جوانە.
- باشە ئەوە چییە لەسەر زەوییەکە خول دەخوات؟





فرێپی چووبوو بۆ شتکڕین. شتەکان زۆر بوون و زۆری هەڵگرتبوو. کیسەی فاسۆلیا سپییەکە کە بۆ کاستۆری هێنابوو تا بۆ ژەمی نیوەڕۆ ئامادەی بکات، لە دەستی کەوتبوو و ڕژابووە سەر زەوییەکە.

کاستۆر وتی:

- بووەستە! ڕەنگە بتوانین ئەم فاسۆلیایانە بچێنین و چەند شەتڵێکی لێ پەیدا ببێت.



- بەڵێ، بۆ سەر پەنجەرەکە فاسۆلیا دەچێنین.



ئێوارە، کاستۆر ئەو فاسۆلیایانەی هێنا کە بەنیاز بوو
بیانچێنێت، لە قاپێکدا خستنیە ناو ئاوەوە.



فاسۆلیا زووتر سەوز دەبێت ئەگەر شەوێک لەناو ئاودا دابنرێت.

کاستۆر پێش ئەوەی خەوی لێ بکەوێت، لە دڵی خۆیدا وتی:

- سامسۆنی خاڵم باخەوانە، کەرەستەی باخەوانیی زۆری هەیە.





کە بەیانی لە خەو هەڵسان، کاستۆر و فریپی چوون بۆ لای باخەکەی سامسۆنی خاڵی، لەوێ پڕ بوو لە کەرەستەی شت چاندن. کاستۆر دەیتوانی هەندێک لەو پێویستییانە بە قەرز ببات.
لەوە دەچێت بەدوای هەندێک کەلوپەلدا بگەڕێن...



فریپی وتی:

- ئەمە کتێبی باخەوانییەکەی سامسۆنە.



- ئەها! ئەوە هەموو زانیارییەکی دەربارەی چاندنی فاسۆلیا تێدایە.

کاستۆر ئەم کەرەستانەی هێنایە پێشەوە:



ئینجانەیەکی بچووک.



ئینجانەیەکی گەورە.



دوو پارچەی شکاوی ئینجانە.



بێڵێکی بچووک.



کیسەیەک گڵ.



کاستۆر بۆ هەر ئینجانەیەک لەسەر کونی ژێرەوەی ئینجانەکە، پارچە شکاوێکی دانا بۆ ئەوەی گڵەکە نەڕژێتە دەرەوە، دواتر ئینجانەکانی پڕکرد لە گڵ.



کاستۆر ئەو فاسۆلیایانەی هێنا کە شەو خستبوونییە ناو ئاوەوە،
دووئەوەندە گەورە بووبوون.



دواتر لقەدارێکی هێنا، سەرێکی تیژکردبوو نیشانەیەکیشی لەسەر کێشابوو.

کاستۆر بە لقەدارەکە لە گڵی ناو ئینجانەکان تا نیشانەکە چاڵی دروستکرد، بۆ هەر ئینجانەیەک سێ چاڵی کرد، چاڵەکان بەپێی پێویست قووڵبوون.

فریپی لە هەر چاڵێک دەنکە فاسۆلیایەکی تێکرد، دواتر بە هەندێک گڵ دایپۆشین.

فریپی وتی:

- چەند دەنکێک فاسۆلیا ماون.

کاستۆر وتی:

- خۆم دەزانم چییان لێدەکەم.





فریپی مەسینەیەکی بچووکی ئاودانی هێنا.



لەسەرخۆ ئاوی دان.

کاستۆر وتی:

- زۆر ئاویان مەدە، دەنا فاسۆلیاکان دەخنکێن.

لەو کاتەی فریپی ئاوی ئینجانەکانی دەدا، کاستۆر بە نهێنی چووە دەرەوە، کەوتە چاندنی ئەو تۆوانەی کە مابوون.

لە شوێنی گوڵ چاندن لای دیوارەکەوە چاندنی.

دەیزانی لەوێ خۆری باش لێیان دەدا و گەرمیشە.



مرۆڤ دەبێت پشوودرێژ بێت کاتێک شت دەچێنێت.
پێگەیشتنی فاسۆلیا، نابێت پەلەی تێدا بکرێت.
دەبێت چاوەڕوانی بیت و ئاوی بدەیت.
فریپی وا بیریدەکردەوە؛ کاتێک فاسۆلیا دەچێنیت؛ دەبێت زۆر پشوودرێژ بیت.
ئەمە یەک هەفتە ڕۆیشت.





بەیانییەکی زوو، فریپی هاواری کرد:

- کاستۆر! کاستۆر! چەکەرەیان کردووە!

فاسۆلیاکانی فریپی هەموویان سەریان دەرهێنابوو.
لە ئینجانەکەی کاستۆر، تەنیا دووانیان سەوز بووبوون.





کاستۆر هەندێک قامیشی هێنا، لەسەرخۆ تا بنی ئینجانەکان چەقاندنی.

- ئێستا فاسۆلیاکان شتێکیان هەیە لە کاتی گەورەبوون خۆیانی پێدا هەڵبواسن.



هەموو ڕۆژێک ئاویان دەدان.

شەتڵەکان بەردەوام گەورە و گەورەتر دەبوون.



گەورەتر بوون... تا وایان لێهات بە گەڵاکانیان پەنجەرەکەیان داپۆشیبوو.

کاستۆر وتی:

- سەیربکە! گوڵەکانیان چەند جوانە.

فریپی وتی:

- سەیربکە! بەری فاسۆلیاکە چەند جوانە.





کاستۆر و فریپی بەرە گەورەکانیان لێکردەوە.



هەریەکەیان چەند دەنکە فاسۆلیایەکیان تێدایە





هەریەکە لەو دەنکە بچووکانە
بەرگێکی سپی هەبوو

لە بەشی ژێرەوەش فاسۆلیای
دەنک سەوزی تێدا بوو.



کاستۆر و فریپی بەیەکەوە هاوکار بوون بۆ پاککردن و لابردنی توێکڵە سەوزەکان.
بەڵام لابردنی توێژاڵە سپییەکەی دەنکە فاسۆلیاکان کەمێک ئەستەم بوو، بۆیە لایان نەبردن.
پاشان چەند خولەکێک دەنکە فاسۆلیاکانیان کوڵاند، دواتر خستیانە قاپەوە.
کاستۆر وتی:
- با تۆزێک کەرە بخەینە سەر فاسۆلیا گەرمەکە؛ بۆ ئەوەی بەتامتر بێت.



کاستۆر وتی:
- سەیربکە! بزانە لەو پێنج دەنکە فاسۆلیایەی دوکانەکە چەندمان دەستکەوت.
هەموو هاوینەکەش بە سەوزی لەسەر پەنجەرەکە دەبن و خواردنێکی خۆشیشمان دەست دەکەوێت.
- فریپی، سەیری شوێنی تایبەت بە گوڵەکان بکەین.
- وەرە با بچین بۆ ئەوێ.





فریپی وتی:
- لێرەش نەمامەکان گەورە بوون، ئەمانە لەکوێوە هاتوون؟
کاستۆر وتی:
- من چاندوومن، دەتوانین سبەینێش فاسۆلیای تەڕ بخۆین، تۆش ئەوەت دەوێت؟
فریپی وتی:
- بەڵێ، زۆر خۆشە...



کاستۆر حەز دەکات رووەک بچێنێت، کاتێک گوڵەکانی وشک بوون، فاسۆلیای سپی چاند.

چەند دەنکە فاسۆلیایەک، جووتێک ئینجانە، کەمێک گڵ و ئاو، تۆزێک چاوەڕوانی، تەنیا ئەمانە پێویستن.

دواتر کاستۆر هەم گوڵ و هەم گەڵای دەست کەوت، هەروەها ژەمێکی خۆشی خۆراک لە فاسۆلیای تەڕ.

ئەمە زۆر باشە، فریپیش هەمان بۆچوونی هەبوو.

NARIN INSTITUTE
for research and publishing